لە خۆتەوە ... هۆنراوەی شالاو

بڕیارت دا،. لە خۆتەوە ،،!
من ببەستی،.. بە کۆتەوە ..
لەوساتەوەی کە من دیلّم
هەموو کەسم بیر چۆتەوە..!

کەمن، دیلّی دەستی تۆ بووم
دلّ وگیانم بەند کراوە ..،!
خۆشەویستیت هێندە گەرمە
وەک گڕ لە دلّ بەردراوە ..،!

هێندە دیلّم بەدەست چاوت
عیشقت تا دێ بە جۆشترە..!
کە من دیلی چاوی تۆ بم
زۆر لە ئازادیم خۆشترە..!

بڕیار دەدەی لە خۆتەوە ..،!
دلّ دەبەستی بە کۆتەوە ،
لەوساتەوەی گیرۆدەی تۆم
هەموو کەسم بیر چۆتەوە ،،

شەڕی چاوت ئاگر داوێ ،
دەمسوتێنێ تاو نا تاوێ...
کە خۆم هێندە دژی شەڕم
کەچی ئێستا ئاشتیم ناوێ..!

www.shallaw.com